# Alcohol and Its Harms in the Commentary "Tizkari Iman for the Kurdish Community" - Surah Al-Ma'idah

Mustafa Ibrahim Mustafa[1], Mohamad Sabr Mustafa[2]
Salahaddin University

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2583.11*

*Published:1/12/2025*

## *Abstract*

*This study Entitled "Alcohol and Its Harms in the Commentary "Tizkari Iman for the Kurdish Community" - Surah Al-Ma'idah" This research sheds light on a highly significant topic in the Holy Quran, namely wine and its harms, through examining what is mentioned in a precious commentary that remains in manuscript form to this day, titled: "Tazkari Iman Commentary for the Kurdish Community." This commentary is considered one of the greatest legacies of Kurdish scholarly heritage and one of the most fertile sources of Kurdish heritage in service of Islamic sciences, particularly in interpreting the Holy Book of Allah. This noble work was authored by the distinguished scholar and jurist, the late teacher Mullah Muhammad ibn Mullah Abdul Karim ibn Mullah Ahmad ibn Mullah Hussein ibn Mullah Abdullah – may Allah have mercy on them – a prominent scholarly figure and leading religious authority in the city of Penjwen. His family descends from Hassan Husseini origins, from the princes of the Emirate of Afghanistan, who settled in southern Kurdistan about three centuries ago following internal disputes. This eminent scholar was known by the title "Khwaherzad" (nephew), born in 1285 AH / 1868-1869 CE in Penjwen. He lost his father at the age of four, and his maternal uncle took charge of his upbringing and care. The manuscript consists of nine large volumes, on papers approaching A3 size, with each volume containing between 290 to 300 pages, each page averaging about 23 lines. The composition and transcription of this commentary took nearly twenty years of continuous effort, written in a special Kurdish script leaning toward Persian style, making it difficult to read given the scarcity of writing tools at that time. The researcher has rewritten and refined it to facilitate its accessibility and understanding. The study followed a precise scientific methodology in verifying the commentary text, by tracing information back to its authentic sources and references. It also focused on explaining and interpreting the terminology contained within, which varied between Kurdish, Arabic, and Persian, serving the reader and enabling proper comprehension. The importance of this research is particularly evident in the author's extensive discussion when interpreting verses about wine, where he demonstrated its prohibition and impurity with solid evidence and clear explanation that combines the rigor of jurisprudence with eloquent expression, showing the depth of his solid knowledge and firm understanding in this vital field.*

***Keyword**: Prohibition of alcohol, impurity of alcohol, comparison with idolatry and gambling.*

# مەی و زیانەکانی لە میانەی تەفسیری (تیزکاری ئیمان بۆ قەومی کوردان) سورەتی (المائدة)

## توێژینەوەیەکی شیکاری هەڵێنجراوە
## لە ماستەرنامەی ساغکرنەوەی تەفسیری تیزکاری ئیمان بۆ قەومی کوردان قازی پێنجوێنی لە سورەی (المائدة)

مصطفی إبراهیم مصطفی
خوێندکاری ماستەر لە بەشی خوێندنی ئیسلامی، کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، عێراق.

ئیمێڵ: mustafa.i.mustafa@su.edu.krd

پ.ی. د. محمد صابر مصطفی

مامۆستا لە بەشی خوێندنی ئیسلامی، کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، عێراق.

ئیمێڵ: hamawandy955@yahoo.com

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە لە سۆنگەی سورەتی مائیدەوە تیشک دەخاتەسەر بابەتێکی زۆر گرنگ لە قورئانی پیرۆزدا، کە شەراب و زیانەکانیەتی، لە چوارچێوەی تەفسیرێکی بەنرخدا، تا ئەمڕۆش وەک دەستنووس ماوەتەوە، بە ناوی: "تەفسیری تیزکاری ئیمان بۆ کۆمەڵی کوردان" ئەم تەفسیرە بە یەکێک لە گەورەترین گەنجینەکانی میراتی زانستی کوردی بۆ خزمەتی زانستە شەرعییەکان دادەنرێت، کە مەبەست لێی خزمەتکردنی کتێبی خودایە.

ئەم بەرهەمە بەنرخە لە نووسینی زانا و مامۆستای کۆچکردوو (مەلا محەمەدی قازی پێنجوێنی)یە، بە خواهەرزاد ناسراوە، کە کوڕی (مەلا عەبدولکەریم کوڕی مەلا ئەحمەد کوڕی مەلا حسێن کوڕی مەلا عەبدوڵلایە) – ڕەحمەتی خودایان لێ بێت – کەسایەتییەکی زانستی بەرزە، مەرجەعێکی ئایینی دیاری شاری پێنجوێنە. بنەماڵەکەی لە ڕەچەڵەکی حەسەن

حوسەینییە، لە میرانی میرنشینی ئەفغانستان، کە نزیکەی (سێ) سەدە لەمەوبەر بە هۆی ناکۆکی ناوەخۆیی لە کوردستانی باشور نیشتەجێبوون.

ئەم زانا گەورەیە بە ناسناوی "خواهەرزاد" (خوشکەزا) ناسراوە، ساڵی ١٢٨٥ کۆچی / ١٨٦٨-١٨٦٩ زایینی لە شاری پێنجوێن لە دایکبووە، لە تەمەنی چوار ساڵیدا باوکی لەدەستداوە، خاڵی پەروەردە و چاودێریکردنی گرتەئەستۆ.

دەستنووسەکە لە نۆ بەرگی گەورە پێکدێت، لە سەر کاغەزێک، کە قەبارەکەی نزیکی کاغەزی A3ی ئەمڕۆیە. هەر بەرگێک نزیکەی ٢٩٠ بۆ ٣٠٠ لاپەڕەی تێدایە، هەر لاپەڕەیەک بە نزیکەیی ٢٣ دێڕی تێدایە، نووسینی ئەم تەفسیرە نزیکەی (بیست) ساڵی خایاندووە، بە خەتێکی کوردی تایبەت نووسراوە، کە مەیلی بۆ شێوازی فارسی هەیە. ئەمەش خوێندنەوەکەی قورسکردووە لەبەر کەمی ئامرازەکانی نووسین لەو کاتەدا، بۆیە توێژەر دووبارە نووسیویەتیەوە و ڕێکیخستووە بۆئەوەی بۆ تێگەیشتن ئاسانتر بێت.

توێژینەوەکە میتۆدێکی زانستی وردی بەکارهێناوە لە تەحقیقی دەقی تەفسیرەکەدا، لە ڕێگەی گەڕاندنەوەی زانیارییەکان بۆ سەرچاوە ڕەسەنەکانیان، هەروەها گرنگی بە شیکردنەوە و تەفسیری زاراوەکانی ناوی داوە، کە جۆراوجۆر بوون لە نێوان کوردی و عەرەبی و فارسیدا، بۆ خزمەتکردنی خوێنەر و توانای باش تێگەیشتنی.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە بە تایبەت لەوەدا دەردەکەوێت، کە نووسەر بە درێژی لە تەفسیری ئایەتەکانی شەرابدا باسیکردووە ، کە حەرامبوون و پیسی شەراب بە بەڵگەی پتەو ڕوونکردووەتەوە، بە ڕوونکردنەوەیەکی دیار.

**وشە کلیلییەکان: حەڕامی مەی، پیسی مەی، بەراودکردنی بە بتپەرستی، قومار.**

# الخمر وأضراره في تفسير (تذكار الإيمان لجماعة الأكراد) في سورة (المائدة)


## الملخص:

هذه الدراسة تسلط الضوء، من خلال سورة المائدة، على موضوع بالغ الأهمية في القرآن الكريم، وهو الخمر وأضرارها، وذلك عبر تفسير قيم ما زال محفوظاً كمخطوط حتى يومنا هذا، بعنوان: "تفسير تذكار الإيمان لجماعة الأكراد". يُعتبر هذا التفسير من أعظم كنوز التراث العلمي الكردي في خدمة العلوم الشرعية المقصود به خدمة كتاب الله.

هذا العمل القيم من تأليف العالم والأستاذ الراحل (الملا محمد القاضي البنجويني) المعروف بـ"خواهرزاد" وهو ابن (الملا عبد الكريم بن الملا أحمد بن الملا حسين بن الملا عبد الله) - رحمهم الله جميعاً - وهو شخصية علمية رفيعة، ومرجع ديني معترف به في مدينة بنجوين، تنتمي عائلته إلى سلالة الحسن الحسيني، من أمراء إمارة أفغانستان، الذين استقروا في كردستان الجنوبية قبل حوالي ثلاثة قرون بسبب النزاعات الداخلية.

عُرف هذا العالم الجليل بلقب "خواهرزاد"، وُلد في عام 1285 هجري / 1868-1869 ميلادي في مدينة بنجوين، فقد والده وهو في الرابعة من عمره، فتولى خاله تربيته ورعايته.

يتكون المخطوط من تسعة مجلدات كبيرة، على ورق يقارب حجمه ورق A3 المعاصر، يحتوي كل مجلد على حوالي 290 إلى 300 صفحة، وتضم كل صفحة حوالي 23 سطرا، استغرق تأليف هذا التفسير حوالي عشرين عاماً، وكُتب بخط كردي خاص يميل إلى الأسلوب الفارسي، مما جعل قراءته صعبة نظراً لقلة أدوات الكتابة في ذلك الوقت، لذا قام الباحث بإعادة كتابته وتنسيقه لتسهيل الفهم.

اتبعت الدراسة منهجاً علمياً دقيقاً في تحقيق نص التفسير، من خلال إرجاع المعلومات إلى مصادرها الأصيلة، كما أولت اهتماماً بتحليل وتفسير المصطلحات الواردة فيه، والتي تنوعت بين الكوردية والعربية والفارسية، لخدمة القارئ وتحسين قدرته على الفهم.

تبرز أهمية هذه الدراسة بشكل خاص في أن المؤلف قد تناول بإسهاب تفسير آيات الخمر، حيث أوضح تحريم ونجاسة الخمر بأدلة قاطعة وبيان واضح.


الكلمات المفتاحية: تحريم الخمر، نجاسة الخمر، مقارنتها بعبادة الأوثان، القمار.

## وێنەی سەرەتا و کۆتایی دەستنووس:





## ١.پێشەکی

سوپاس و ستایش بۆ خودای جیهانیان، کە پاکی بۆ ئێمەی مرۆڤ حەڵاڵکردووە و پیسی لە سەر ئێمە حەرام و قەدەغەکردووە، سڵاو و درود بۆ پێغەمبەری ئازیز و هەڵبژێردراو ﷺ ، کە ئێمەی لە تاریکی دەرهێناوە بۆ ڕووناکی، سڵاو و ڕوحمەت بڕژێت بە سەر گشت یار و یاوەرانی و ئەوەی لە سەر ڕێبازی ئەوان بەردەوام بێت تا ڕۆژی دوایی.

ئەم پڕۆژەیە بە یەکێک لە پڕۆژە گرنگەکانی خوێندنی باڵا لە کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکانی زانکۆی صلاح الدین/هەولێر دادەنرێت، بۆ زیندوکردنەوەی میراتی تەفسیری کوردی، بە ناوی (تیزکاری ئیمان بۆ کۆمەڵی کوردان) و بۆ ساغکردنەوەی ئەوەی پێشتر ساغنەکراوەتەوە و تەفسیرەکە هەر بە دەستنووس ماوەتەوە و لە کتێبخانەی ناوەندی زانکۆ بەردەستە، دەستنووسەکە بە دیاری دراوە بە کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکانی هەولێر بۆئەوەی ساغبکرێتەوە.

تاوەکو ساڵی ٢٠٢٣-٢٠٢٤ ئەم پڕۆژەیە پێشکەشنەکرابوو بۆ ساغکردنەوە، بەڵام دواتر لە سەر دەستی یەکێک لە مامۆستا ناودارەکانی زانکۆی صلاح الدین و کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان (د.فائیز) پێشکەشکرا بۆ قوتابیانی ماستەر، بۆئەوەی تێزی ماستەرەکەیانی لە سەر بنووسن، سوپاس بۆ خودا بەرپرسیاریەتی ساغکردنەوەی بەشێکی ئەم دەستنووسەم پێدرا، بۆئەوەی منیش بەشێکبم لە خزمەتکارانی میراتی تەفسیری کوردی.

### ١-٢. ناونیشانی توێژینەوە

بریتییە لە (مەی و زیانەکانی لە میانەی تەفسیری (تیزکاری ئیمان بۆ کۆمەڵی کوردان سوڕەتی (المائدة) )، یەکێکە لە بەرهەمە ناوازەکانی زانای کورد (مەلا موحەممەد قازی پێنجوینی).

### ١-٣. هۆکاری هەڵبژاردن

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە بریتییە لە شەرەفمەندبوون بە خزمەتکردنی کتێبی خودا لە میراتی تەفسیری کوردی.

### ١-٤. ئامانجەکان و گرنگی توێژینەوەکە:

1. خزمەتکردنی قورئانی پیرۆز و تەفسیری کوردی، زیندووکردنەوەی میراتی تەفسیری کوردی و پاراستنیەتی لە فەوتان.
2. ئاشناکردنی خوێنەران بە یەکێک لە زانایانی کورد، کە پیشەیان خزمەتکردنی زانست بووە و بە تایبەتی قورئانی پیرۆز.
3. بەراوردکردنی بۆچوونی زانایان لەبارەی حەڕامکردنی مەی و ئاشنابوون بە ئایەت و فەرموودەکان.

### ١-٥. پرسیارەکانی توێژینەوە:

1. قۆناغەکانی قەدەغەکردنی مەی چین؟
2. زیانەکانی مەی چین، کە لە سورەتی مائیدە باسکراون؟
3. حوکمی ئەوانەی پێش قەدەغەکردنی مەی مردوون و مەیان خواردۆتەوە چییە؟
4. ئایا مەی وەک دەرمان بەکاردێت؟
5. بۆچوونی زانایان و دکتۆران لەبارەی بەکارهێنانی مەی وەک دەرمان چییە؟

### ١-٦. گرفتەکانی توێژینەوە:

لە کاتی ساغکردنەوە و ئەنجامدانی توێژینەوە لە سەر ئەم دەستنووسە توشی چەند گرفتێک بوومەوە گرنگترینیان:

1. - بەکارنەهێنانی زمانێکی کوردی پەتی لە نووسیندا لە لایەن نووسەر و بەکارهێنانی وشەی فارسی و عەرەبی لە هەندێک دەستەواژەدا.

2. – ناڕوونی لە دەستنووسەکەدا، وایکردبوو زۆر بە زەحمەت دەمتوانی لە وشەکان تێبگەم لە کاتی نووسیندا.
3. – بوونی ڕووداو و بەسەرهاتی مامۆستا لە ناو تەفسیرەکەدا، ئەم جۆرە بەسەرهاتانە ماندووبوونی زۆری ویست لە پشتڕاستکردنەوە و ساغکردنەوەی.

**١-٧. میتۆدی توێژینەوە:**

لەبەرئەوەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە ساغکردنەوەی دەستنووس، بۆیە تەنها سێ ڕێگام بەکارهێناوە، بۆئەوەی دەستنووسەکە بە تەواوی ئامادە بێت و بخرێتەبەر دیدی خوێنەران.

١- ساغکردنەوە.

٢- کۆکردنەوەی زانیاری.

٣- شیکردنەوەی زانیاری.

**١-٨. پلانی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوە پێکهاتووە لە پێشەکی، ساغکردنەوەی دەستنووسەکە و کۆتایی. لە پێشەکی باس لە ئامانجەکانی توێژینەوە، پرسیارەکانی توێژینەوە و میتۆدی توێژینەوە کراوە، ساغکردنەوەی دەستنووسەکە ئەم بابەتانە لەخۆدەگرێت:- یەکەم:- بەیانکردنی پیسی مەی و بەراوردکردنی بە بتپەرستی و قومار. دووەم :- تەفسیری ئایەتی ((**وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ**)). سێیەم:- هۆکاری دابەزینی ئایەتی ((**لَيۡسَ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ جُنَاحٞ**)). چوارەم:- چوار بەڵگە لە سەر زەرەر و زیانی (مەی). پێنجەم:- بەکارهێنانی مەی وەک دەرمان. شەشەم:- چوار بەڵگە لە سەر زمانی دکتۆرەکان بۆ بەکارهێنانی مەی وەک دەرمان. لە کۆتایی ئاماژە بە **ئەنجام و ڕاسپاردەکان کراوە.**

## ٢. ساغكرنەوەی بابەتی مەی و زیانەكانی لە میانەی تەفسیری (تیزكاری ئیمان بۆ كۆمەڵی كوردان) سوڕەتی (المائدة)

### ٢-٢. دەستپێک:

توێژینەوە لە قورئانی پیرۆز و تێگەیشتن لە پەیامەكانی قورئان تەنها خۆی لە تێگەیشتن لە واتای دەقەكان نابینێتەوە، بەڵكو دەبێت لە مەبەستەكانی بگەین. كە گشتیان وەک دیاری خودای گەورەن بۆ بەندەكان و ڕۆشنكەرەوەی ڕێگای مرۆڤەكانن. یەكێک لە گرنگترین باسەكانی قورئان لە بواری یاسادانان، بریتییە لە حەڕامكردنی مەی، كە پڕیەتی لە زەرەر و زیان بۆ جەستە و عەقڵی مرۆڤ، خودای گەورە بە پیس لەقەڵەمیداوە و داوای دوركەوتنەوەی موسوڵمانانی كردووە، لەم حەرامكراوە، كە دەفەرموویت: ((يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡخَمۡرُ وَٱلۡمَيۡسِرُ وَٱلۡأَنصَابُ وَٱلۡأَزۡلَٰمُ رِجۡسٞ مِّنۡ عَمَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ فَٱجۡتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ)) [المائدة: 90]

زانایان گشتیان لە سەر ئەوەی كۆدەنگن، ئەم ئایەتە گشت گومانەكان سەبارەت بە حەڕامكردنی مەی دەڕەوێنێتەوە[i]، زانای گەورە قورتوبی دەفەرموویت، لە تەفسیرەكەیدا: (ئەم ئایەتە بەهێزترین بەڵگەیە لە سەر حەڕامكردنی مەی، تەنها لەبەر وشەكانی نا، بەڵكو لەبەر سیاقی ئایەتەكە، خودا هاوتایكردووە لەگەڵ بتپەرستی، كە دروشمی هاوبەشدانانە بۆ خودا و بە یەكێک لە كردەوەكانی شەیتان هەژماریكردووە و داوای دووركەوتنەوەی لێكردووە. بەڕاستی داواكردنی دووركەوتنەوە لە شتێک زۆر لە قەدەغەكردنی بەلیغ ترە)[ii]

لەم وتارەدا كورتە باسێكی تەفسیری (تیزكاری ئیمان بۆ كۆمەڵی كوردان) دەخەمەڕوو، كە باسی لە حەڕامكردنی مەی كردووە، لە كاتی ساغكردنەوەی تەفسیرەكە زۆر سەرنجیڕاكێشام.

## ٢-٣. بەیانکردنی پیسی مەی بەراورد بە بتپەرستی و قومار:

(( يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡخَمۡرُ وَٱلۡمَيۡسِرُ وَٱلۡأَنصَابُ وَٱلۡأَزۡلَٰمُ رِجۡسٞ مِّنۡ عَمَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ فَٱجۡتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ (90) إِنَّمَا يُرِيدُ ٱلشَّيۡطَٰنُ أَن يُوقِعَ بَيۡنَكُمُ ٱلۡعَدَٰوَةَ وَٱلۡبَغۡضَآءَ فِي ٱلۡخَمۡرِ وَٱلۡمَيۡسِرِ وَيَصُدَّكُمۡ عَن ذِكۡرِ ٱللَّهِ وَعَنِ ٱلصَّلَوٰةِۖ فَهَلۡ أَنتُم مُّنتَهُونَ (٩٢) )) [المائدة: ٩٠-٩٣]

((يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡخَمۡرُ وَٱلۡمَيۡسِرُ وَٱلۡأَنصَابُ وَٱلۡأَزۡلَٰمُ )) [المائدة: 90] ئەی کەسانێک، کە ئەهلی ئیمانن، واتا، ئیمانتان بە خودای واحید و ڕیسالەتی (محمد المصطفی) و قورئان و ڕۆژی قیامەت و هەرچی بۆ ڕەسولی خودا ﷺ هاتووە بەغەیری ئەمە نییە، شەڕاب و قومار و بت، لەبەرئەمەیە بە بت دەڵێن (أنصاب) چۆن هەڵێنراوە بۆ پەرستن (والأنصاب) و ئەزلام: بەتیردانێک ئەڵێن، کە (سێ) دانە تیر تێدایە، بە پاشکۆی وڵاغی خۆیان دەکەن، لە یەکێکیان دەنووسن هات، لە یەکێکی تریان دەنووسن نەهات، لە ئەوی تریشیان هیچ نانووسن. دەیانخەنە ناو توورەگەیەکەوە، هەر وەکو قورعە دەستی پێدا دەکەن، ئەگەر ئەو تیرەی بەدەستەوە هات، کە (هات)ی لێ نووسرابوو، دەچن بە شوێنی ئەو کارە، ئەگەر (نەهات)ی بەدەستەوە هات، (یەک) ساڵ بە شوێن ئەو کارە نەدەچوون. ئەگەریش ئەویتریان بەدەستەوە بهاتبایە، کە هیچی لێ نەنووسرابوو، دەستیان پێ ئەکردەوە تا یەکێک لە هات و لە نەهات بەدەستەوە دەهات. هەروەکو تەفصیلی لە سوڕەتی (البقرة)[iii] لە تەفسیری ((يَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلۡخَمۡرِ وَٱلۡمَيۡسِرِ)) [البقرة: 219] دا هاتووە.

((رِجۡسٞ مِّنۡ عَمَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ فَٱجۡتَنِبُوهُ)) [المائدة: 90] ئەی موسوڵمانان، هەر یەک لەم چوارەی بۆ ئێوە بەیانکرا، پیسن و کرداری بەدن، لە عەمەلی شەیتانی لەعینن، پێویستە لە سەرتان خۆتانی لێ بپارێزن. واتا، کردنی یەکیان پاکە و یا دووانیان، یا هەمویان لە تەسەوڕاتی شەیتان و عەقڵ، کە ئەشرەف و ئەعزەمی جەمیعی نیعمەتانی خودایە، بە زایەع دەبات، کە عەقڵ بە زایەعچوو، کوفر و فسق بە سەر مرۆڤدا جاری دەبێت، نیعمەتی عوقبای بیلمەڕڕە[iv] لەدەستدەردەچێت و لە

ئەکسەری نیعمەتی دونیایش مەحرووم دەبێت، لە ناو خەواسی مرۆڤدا مەهتووک و ڕیسوا دەبێت، مادام بە بێ تەوبە بمرێت.

(( لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ)) [المائدة: 90] شایەد ئێوە ئەی موئمینان، یانی ئێوە ئومێد و ڕەجاتان نەبێت لە عەزاب و عیقابی خودای تەعالا نەجاتدراو بن، بە خۆپاراستن لە یەکێک لەو (چوارە)، یا لە هەموویان بە تەوبەیەکی خالیس و نییەتی سادق، بزانن خودای (سبحانە و تعالی) تەئکیدی حورمەتی شەڕاب، کە عیبارەتە لە جەمیعی موسەکیرات و قوماری کردووە بە هەموو نەوعەکانیەوە، لە ماڵ یا لە سەر غەیرە ماڵ، لەبەر ئەمەشە حەقی تەعالا تەئکیدی کردووە، چۆن ئەسحاب موتەڕەدید[v] بوون لە حەڵاڵ و حەڕامی بە ڕەوایەتی، کە لە سوڕەتی البقرەدا وارید بووە، لەبەرئەوە بووە، حەزرەتی عومەر ڕەزای خودای لێ بێت فەرمووی: ((اللهم بين لنا فيها بيانا شافيا))[vi] [vii]ئەم ئایەتە نازل بوو و گەیشتە ((فَهَلۡ أَنتُم مُّنتَهُونَ)) [المائدة: 91] حەزرەتی (عومەر) ڕەزای خودای لێ بێت، فەرمووی، ئینتیهایە بۆمان یارەبی، یەعنی ئیشتیای ئیمانداران لەپێشدا بۆتان بەیانکرا ((وَإِثۡمُهُمَآ أَكۡبَرُ مِن نَّفۡعِهِمَا)) [البقرة: 219] ئەمەدەلیل نییە لە سەر حەرامی، ((لَا تَقۡرَبُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنتُمۡ سُكَٰرَىٰ)) [النساء: 43] دەلیل نییە لە سەر ئەمە و ئێوە شەو و ڕۆژ (پێنج فەرز نوێژدەکەن، ئیسکاری ئەم وەختە تا ئەو وەختە دەوام دەکات، دەلالەت ناکات لەمەنع لە خواردنەوەی موسەکیرات و ئینتەهای نایەنن، جوملەکەی مەسدەر کرد بە (إنما) و خەمر و مەیسەری موقارەنەکرد بە بتپەرستی و بە ئەزلام و ناوبردن بە پیسی و گێڕانی بە کرداری شەیتانی لەعین لەبەر بێداری،[viii] لە سەر ئەمە مەشغوڵ بوون بە موسەکیرات خواردن و قومار، شەرعەن و خالیسەن و غالیبەن، یەعنی هیچ خێری تێدا نییە، شەڕ بە سەریدا غاڵب و ئەمر بە ئیجتیناب لەعەین موسەکیرات و کردنی قومار بە ئیعتیباری زاهیریەکەیە و ئیجتیناب کراوە بە سەبەبی ئومێد و فەلاح و نەجات بۆ ئینسان حاسڵ بێت و لە پاشتر حەق تەعالا قەراریدا لە بەینی هەردووکیاندا فەسادی دینی و فەسادی دونیایی هەیە، کە موقتەزایە لە بۆ تەحریم، ڕەنگە کە

دەفەرموویت: ((إِنَّمَا يُرِيدُ ٱلشَّيۡطَٰنُ أَن يُوقِعَ بَيۡنَكُمُ ٱلۡعَدَٰوَةَ وَٱلۡبَغۡضَآءَ فِي ٱلۡخَمۡرِ وَٱلۡمَيۡسِرِ)) [المائدة: 91] بەغیری ئەمە نییە ئیرادەی کردووە شەیتانی لەعین بۆ وەسوەسەیەکی غالیب، ئەمە نەجاتە بەینی ئێوە ئەی گروهی مسوڵمانان، شیددەتی عەداوەت و دووژمنی و بوغز لە خواردنەوەی شەڕاب و موسەکیرات لە حەینێکدا[ix] عەقڵ و شعورتان//٢٤٨-أ// نامێنێت و لەبەرئەمە خودای (سبحانە و تعالی) خەمر و مەیسەری خاسکردووە بە ئیعادەی ناوبردن و شەرحی بەیانی شتێکیکرد، کە لە ناویاندا هەیە لە گوناهـ تا بێدارییە لە سەر ئەمە هەردووکیان مەقسوودن و بەیانکردن و ناوبردنیان (الأنصاب و الأزلام) لەبەر دەلالەتکردن لە سەر ئەمە هەر دووکیان لە حورمەتا و شەڕاڕەتدا وەکو خەمر و قومار ئەوانەن چۆن ڕەسولی خودا ﷺ فەرموویەتی: (شاریبی خەمر وەکو بتپەرستی وایە)[x].

((وَيَصُدَّكُمۡ عَن ذِكۡرِ ٱللَّهِ وَعَنِ ٱلصَّلَوٰةِ)) [المائدة: 91] و شەڕاب و هەرچی موسەکیرات هەیە مەنعی ئێوە دەکات لە زیکر و ناوبردنی خودای تەعالا و لە نوێژتان، ئەوە مەعلومە موسەکیرات ئینسانی سەفیهـ و بێعەقڵ و سەرگەردان دەکات، ئیتر تا سەفیهی سفاهەت لەگەڵیدایە، لە نەشائدا غافڵە لە زیکری خودا و قومار، ئینسان لە نوێژدا غافڵ دەکات و نوێژی دەڕوات تا ئەوقاتی ڕۆژێک بە چارەگ و سەعاتێک دەزانێت، بەعزێک هەر لەم دووانەیان خاسکردووە بە یەکێک لەو دووانە، کە زیکری خودایە و نوێژکردنە بۆ خودای تەعالا. ئەمما هەر چیان فەرموویێت دەلیل فەرموویانە، لاکین هەر یەکێک لە خەمر و مەیسەر مانعی زیکر و ناوبردنی خودا و مانعی نوێژکردنن، گوتوویانە لەبەرئەمە خودای تەعالا خاسی (صلاة)ی کردووە بە زیکر، تەنها لەبەر تەعزیمی نوێژە و لەبەرئەمەیە موشەعیر بێت بەمە، مانع بە نوێژ مانعە لە ئیمانە، لەم حەیسیەتەوە[xi] نوێژ عیمادی ئیمانە و فەرق کونەندەیە لە بەینی کوفر و ئیمان، لە پاشتر ئیدعای تەڕغیبکرد لە سەر دەستبەرداربوون بە سیغەی ئیستفهام[xii] بە مرەتەبی هەروەکو پێشتر بەیانمانکردووە لە ((وَإِثۡمُهُمَآ أَكۡبَرُ مِن نَّفۡعِهِمَا)) [البقرة: 219] و لە ((لَا تَقۡرَبُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنتُمۡ سُكَٰرَىٰ)) [النساء: 43] بەم

ڕوکنە فەرمووی: ((فَهَلۡ أَنتُم مُّنتَهُونَ)) [المائدة: 91] ئیتر ئایا ئێوە ئینتهای ناهێنن؟ دەستبەردار نابن؟ لەمەی موسەکیرات و قومار حەڕامە و پیسە و لە فیعلی شەیتانە و لەو ئایەتەدا (٨) دەلیلی مورەتەب لە سەر حەرامی شەراب و قومار هەیە.

(یەکەم): ئەوەتا هەردووکیان لە پیسی بەدیبا کراون بە ڕەفیقی بتپەرستی و بتپەرستی حەڕامە و شەراب و قوماریش حەرام.

(دووهەم): شەراب کراوە بە قەرینی قومار، قومار حەڕامە شەرابیش حەڕامە.

(سێهەم): خودا ئەم چوارەی پیسکردووە و هەرچی پیسە حەڕامە.

(چوارەم): لە عەمەلی شەیتانن و هەرچی لە عەمەلی شەیتان بێت حەڕامە.

(پێنجەم): فەرموویەتی ئیعتیرازیان لێبکەن[xiii] هەرچی خودا نەهی لێکردووە حەڕامە کردنی.

(شەشەم): خواردن و کردنی ئەو دووانەی کردۆتە سەبەبی بوغز و خسومەت[xiv] و هەرچی باعیسی خسومەت و بوغز بوو حەڕامە.

(حەوتەم): هەردووکیان مانیعی زیکر و ناوبردنی خودان، هەرچی مانیعی ناو بردنی ئیسمی خودا بوو حەڕامە.

(هەشتەم): فەرموویەتی: (ئیتر ئینتهای بێنن لە خواردنی) هەرکەس موخالفەی ئەمری خودای کرد حرامە.[xv]

## ٢-٤. ((وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَٱحۡذَرُواْۚ فَإِن تَوَلَّيۡتُمۡ فَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّمَا عَلَىٰ رَسُولِنَا ٱلۡبَلَٰغُ ٱلۡمُبِينُ 92)) [المائدة: ٩٢]

((وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ)) [المائدة: ٩٢] ئێوە ئەی گرووهی ئیسلام و موسوڵمانان، حەقتان هەیە ئیتاعە و فەرمانبەرداری خودای سوبحانە و تەعالا بکەن و بە هەرچی لە سەر زوبانی

ڕەسولی خۆی ئەمری پێکردوون. ئیتاعە و فەرمانبەرداری ڕەسولی خودا ﷺ بکەن، لە ئەمر و فەرمانی هیچیان مەچوونە دەرەوە، بە هەرچی ئەمرتان پێدەکەن ئیتر دەستتان لە خواردنەوەی موسەکیرات و کردنی قومار بەردار بن.

(( وَٱحۡذَرُواْۚ )) [المائدة: ٩٢] خۆتان بپارێزن لە خواردن و کردنیان و هەرچی نەهیتان لیدەکەن.

((فَإِن تَوَلَّيۡتُمۡ فَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّمَا عَلَىٰ رَسُولِنَا ٱلۡبَلَٰغُ ٱلۡمُبِينُ)) [المائدة: ٩٢] ئیتر ئەگەر ئێوە بە ڕاستی و دروستی پشتبکەنەوە لە ئەمر و فەرمانی خودای سوبحان و تەعالا و ئەمر و فەرمانی ڕەسولی خودا ﷺ هیچ زەرەر و خەساریٚ نە لە خودای تەعالا و نە لە ڕەسولی خودای ﷺ دەکەوێت، بەڵکو هەر زەرەر و خەساری بکەوێت لە نەفسانی خۆتان دەکەوێت، ئیتر ئێوە بە تەحقیق بزانن بە غەیری ئەوە نییە لە سەر ڕەسولی ئێمە کە (محمد المصطفی) یە، بەلاغ و گەیاندنی ئاشکرا و وازحە، یانی ئەو هەر گەیاندنی لە سەرە پێی گەیاندوون، ئیتاعەت[xvi] بکەن نەفعی بۆ خۆتان عایدە، ئیتاعەت لە کردنی ئەو چوارە نەکەن زەرەری بۆ خۆتان عایدە، تا زەرەری بە ئێوەدا عایدە و عەزاب و عیقابی بۆ قیامەتە، ئەگەر تماشابکەن، لەم ئایەتەدا تەهدیدی گەورە هەیە.

## ٢-٥. هۆکاری دابەزینی ئایەتی ((لَيۡسَ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ جُنَاحٞ فِيمَا طَعِمُوٓاْ إِذَا مَا ٱتَّقَواْ)):

ڕیوایەت کراوە، ئەو ئایەتە نازل بوو، دەربارەی حەرامی شەڕاب، ئەسحاب ڕەزا و ڕەحمەتی خوایان لێبێت عەرزی حەزرەتی (خیر الأنام) (علیه أفضل الصلاة و السلام) کرد (یا رسول الله ﷺ برایانی دینی ئێمە مردوون شەڕابیان خواردەوە پارەی خوماریان سەرفکردووە دەبێت ئەحواڵی ئەوان چۆن بێت، (سبحانه و تعالی) نازلی کرد[xvii].

((لَيۡسَ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ جُنَاح فِيمَا طَعِمُوٓاْ إِذَا مَا ٱتَّقَواْ وَّءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ ثُمَّ ٱتَّقَواْ وَّءَامَنُواْ ثُمَّ ٱتَّقَواْ وَّأَحۡسَنُواْۚ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلۡمُحۡسِنِينَ)) [المائدة: 93]

((لَيۡسَ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ جُنَاحٞ فِيمَا طَعِمُوٓاْ)) [المائدة: 93] یانی لە سەر کەسانێکی وا نییە، کە ئیمانیان بە خودای واحید و ڕەسولی خودا ﷺ و قورئان ڕۆژی قیامەت هێناوە و کرداری چاکەکەیان کردبێت لە هەرچی ئەمری پێکردوون، خودا ئەمری پێکردوون و هیچ گوناهێک لە شتێک کە تەعمیان کردبێت و خواردبێتیان لە پێش حەڕام بوونیان، یانی نییە لە سەر ئەو کەسانە، کە مردوون و لە پێش تەحریمی خەمرا، خەمریان خواردبێت بێگوناهن.

((إِذَا مَا ٱتَّقَواْ وَّءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ)) [المائدة: 93] ئیتر ئەوان، کە خۆیان پاراستووە لە حەڕاماتێک، کە خودا لە سەری حەڕامکردوون و ئیمانیان هاوردبێت بە خودای واحید و ڕەسولی خودا و قورئان و قیامەت و کرداری چاک/٢٤٩/ چاکیان ببێت و سەباتیان لە سەریان بووبێت.

((ثُمَّ ٱتَّقَواْ)) [المائدة: 93] و لە پاشتر خۆیان بە ڕاست لە شتێک بەسەریانەوە حەڕامکراوە لە پاشان وەکو خەمریان لە سەر حەڕامکراوە.

((وَّءَامَنُواْ)) [المائدة: 93] ئیمانیان هاورد بە حەڕام بوونی لە تەرەفی خودای تەعالا و ئینکاری حەڕامیان نەکرد.

(( ثُمَّ ٱتَّقَواْ)) [المائدة: 93] لە پاشتر دەوامی ئیستەمراریان بوو لە سەر ئیجتەنابکردن لەو شتەی خودای تەعالا حەڕامیکردووە بەسەریانەوە و سەباتی تەواویان بوو لە سەر یەقینی چاک کە ئیرتیکابی[xviii] مەعسیەتە[xix].

(( وَّأَحۡسَنُواْۚ )) [المائدة: 93] زۆر چاکەیانکرد و چاک بوون لە ئیجتیناب، موحەڕەمات و ئیرتیکابی کرداری چاکە و هاتنەسەر کرداری چاک و خۆ پێوە مەشغوڵ بوون و لەوانەی ئەم تیکرارە بە ئیعتیباری ئەوقات بێت، ئەم مەعنایە، ئەمە ئەوە نییە مەتڵەب لە موئمینینی زاهید بێت

لەوانە یەعنی مانیع بێت، لەوانە تەڵەبی لەزەت دەکەن و تەیباتیان حەڕامکردووە، موراد ئەمەیە لە موئمینان تەرەقی[xx] بکەن لە مەداریجی[xxi] تەقوا و ئیمانەوە لای مەڕاتیبی ئیخلاس و یەقین و مەعاریجی قەوی و کەمال، ئەمیشە وەختێک دەبێت سابیت بن لە خۆپاراستن لە شیرک و لە سەر ئیمان سابیت[xxii] و جازیمبن[xxiii] بە شتێک کە واجبە ئیمانی پێ بێنێت و سابیت لە سەر کرداری چاکە لە بۆ تەحسیلی ئیستەقامەتێکی وەها تەمەککون ببێت بۆ کرداری چاکە لای تەرەقی بۆ لای مەرتەبەی موشاهیدات و موعاریجی ئەمە عیبادەتی خودای تەعالا بکەن، بە حەقیقەتی وەها کە ئەننەهو خۆی بینیوە، ئەمەیە مەعنای بە قەولی خودای تەعالا ((وَّأَحۡسَنُوا۟ۚ)) بووە، تەرەقی دەکات بۆ لای خودای تەعالا و موجتەمەعی خودای تەعالا، یا بە ئیعتیباری (سێ) حاڵەت بترسێت لە خودای تەعالا و ئیمانی سابیت و جازیمی پێبێنێت، لە دڵی خۆیدا و خۆی بپارێزی لە هەرچی زەرەری بۆ نەفسی خۆی هەبێت، لە عەمەل و لە ئیعتقاد[xxiv] بترسێت، خودای تەعالا ئیمانی پێی هەبێت بە ئاشکرا خۆپارێزە لە هەرچی زەرەری بۆ ناس هەبێت، بترسێت لە خودای تەعالا ئیمانی پێ هەبێت لە بەینی خۆی و خودا بە حەیسیەتی وەها واسیتە لە بەینیاندا لاببات و بگات بە سەرووەرترینی هەموو مەرتەبەیەک لە دەرەجاتی پێشوودا، لە خۆپارستن و تەقوای نەفسانیە، لەبەرئەو شتە هەیە لەم حالاتە تەقەروب[xxv] بۆ لای خودای (سبحانە و تعالى) لە ناو بردنی ئیحسانە، لەم ئایەتەدا چۆن ئیحسان هەروەکو ڕەسولی خودا ﷺ تەفسیری کردووە و هەر وەکو لە بوخاریدا هەیە، دەفەرموویت ئیحاسن ئەمەیە عیبادەتی خودا بە دەرجەیەک بکات، کە ئەننەهو تۆ خۆت چاوت وا لە خودای تەعالایە، خودای پێ ببینی[xxvi]، وەیا ئەم تیکرارە بە ئیعتباری شتێکە ئینسان خۆی بپارێزێت بە ڕاستی ئەو ئینسانە لایقە ئەمە تەرکی موحەرەمات بکات، بە ئومێدی نەجات لە عەزابی خودا و تەرکی شوبهەت بکات، تا ئیحترازی تەواو ببێت لە کەوتنە ناو حەڕامەوە، تەرکی بەعزێک موباهات بکات، تا نەفسی مەحفوز بێت لە خەستی و پاک بێت بۆ نەفسی لە دەنەسی تەبیعەت.

((وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ)) و خودای تەعالا حەز بە کەسانێکی وەها دەکات، کە چاککونەندەن لە جەمیعی کرداری زاهیری و باتینی، یەعنی خودای تەعالا ئەو کەسانەی وا بن، موئاخەزەیان ناکات، بەڵکو کەسانێکی وا بن، ئەمە کرداریان ببێت دەبن بە موحسین و کەسێک بوو بە موحسین دەبێت بە مەحبوب و کەسێک بوو بە مەحبوب، خودا دەرەجاتی ئەعلای پێ عەتا دەکات.(xxvii)

## ٢-٦.چوار بەڵگە لە سەر زەرەر و زیانی (مەی):

بە ڕاستی ڕابوورد لە سورەتی (البقرة) دا چوار دەلیل بە قەولی حوکەما کە خەمر زەرەرە:

یەکەم ئەمەیە: حەکیمی (هنری) فەڕەنسەوی گوتوویەتی، هیچ تیغێک لە خواردنی شەراب تیژتر نییە بۆ شتێک قەتعی نەسلی(xxviii).

دووەم: حەکیم (بێنثام) ئینگلیزی گوتوویەتی: موحەممەدی عەرەبی ﷺ کە مەنعی خومری کردووە، چاکتری بە عەینیوە بووە و چاکی و مەملەکەتی ئەفریقا بیخۆن مالی نەسلیان دەچێتەوە سەر شێتی و هەر کەس لە ئەهلی ئەورووپا دەوام بکات لە سەر خواردنی عەقلی بە تەواوی دەفەوتێت، زوڵم لە عەقلی خۆی دەکات(xxix).

سێیەم: ئەمەیە جەمیعی کەسیر کۆبوونەوە، تەرکی شەراب خواردنیان کرد و ئێستا لە ئەکسەری مەملەکەت و دەوڵەتی کوفارا بە زەرەریان زانیوە، تەرکیانکردووە، مەگەر ئەکسەر لە میللەتی ئیسلام و خاس لە عێراق بە تەواوی لە خواردنەوەی شەراب و موسەکەرات ڕۆچوون بە تۆڕی وەها لە بری ئاو خواردنەوە دەیخۆنەوە، هەر کەس بیخوات زۆر بێئیحترام دەبێت لە ناویاندا.

چوارەم: موداوا بە موسەکیرات نەکات، چۆن خۆی بۆ خودی ئینسانی عیلەتە و دەردە لە تەفسیری (جەواهیری تەنتاوی(xxx))(xxxi) دا چاوم پێی کەوت. فەرمووی: لە کتابی تەبیبی ئەمریکی کیلۆجی چاومکەوت، ناوبراو مەنعی تەداوی بە خەمر کردووە، گوتوویەتی زەرەری جیسمە لە

وەقتی نەدا و یا زیاتر نەفعیا باشەفایە، مەوقع لەبەرئەوەی زەرەری پێ دەیگەیەنێت، بە ڕیخۆڵە و سایری ئەعزای ناو سکی. دەفەرمووێت، پادشای خواردنەوە بوو لە مەملەکەتی ئێمەدا، زۆر حال موعتەبەر و خانەدان بوون بە خانە خراپ و ماڵوێران دەرگایان داخرا و خانوویان کەوتە حەراج و فرۆشی بۆ ئەدای قەرزی عەرەق و شەراب و عقولی ناس هەموو بە زایعیاندا" هەروەکو بەعزێک لە ئەکسەری ئەهلی عێراق زیاد بێت. لە هەموو شتێک سەیرتر و عەجیبتر ئەمەیە، لەو ئەهلی عێراقە بەیانی تا ئێوارە کاری دەکرد بە (شەش) عانە و ئێوارەش//٢٥٠ – أ// شەش عانەکەی بە عەرەق دەدا و دەیخواتەوە و تا بەیانی سەرخۆش دەبێت، بەیانی عانەیەک شک نابات و بێداریان نابێتەوە و عەقڵی لە سەر دادەنێت. ئەمە عەقل و سەرشێتی ئەهلی عێراقە، هەر کەس خەبەری شتێک بێداری حاسڵ دەکات، ئەمما میللەتی ئیسلامی ئێمە لە عێراقدا بە هیچ وەجهێک لە وەجهان بێداری حاسڵ ناکەن، فەرموویەتی: (ئێمە ئومێدمان بوو ئەمە خودای خاریج بکات بۆ ئێمە لە تەرەف عولەمایانی پێشوومانەوە کتاب و دەلیلانی قەوی لە خسوسی موسەکیراتەوە و خۆشم مەشغوڵ بووم بە تەعبیرات و لە پاش تەحلیلاتی خۆم کتابێکم دەستکەوت ناو برابوو بە کتابی (اليد في الطب[xxxii]) کە تماشامکرد سەراپا لە موزێری[xxxiii] خومر و موسەکیراتدا بە (٣٠) سەحیفە و نووسرابوو لە بەحسی حەرامی تووتن و چایی و قاوە، کە کۆکائینی زۆرە بە شیددەتی گرتبوو لە حەرامیانەوە بە سەرناسەوە و حەزم بە تەواوی کرد و هەرچی خالیس بوو تەواوی لێمەرگرت و نووسیومەوە و هەرچی لە جێگای تردا نووسرابوو دەستەدەستە لە جەرایدیشدا هاتبوو هەمووم کۆکردەوە و کردم بە کتابێک و لە پێش تەبع کردنیدا خستمانە مەدرەسەی خۆیەوە و پاشان تەبعکراو و بڵاوکراوە بە سەر عولەما و ئەتیببا و تەلەبەی مەدرەسەی عالییەی[xxxiv] میسردا)[xxxv].

ئەمما خسوسەن بە سەر تەڵبەی (طبية)دا لە موزوعی موتابەقەی کەشفی حەدیس لەبەر ئەمە وارید بووە لە حەدیسی ڕەسولی خودا ﷺ کە فەرموویەتی: (موداوا بە خەمر موزیرە)[xxxvi] هەر

وەکو ئەکابیر ئەتیبای ئینگلیزی و فەڕەنسا و ئەمریکا گوتوویانە، قەسدم نییە لەو بەیانە مەگەر بێداری عولەمایان و ئەتیبامان کە بێدار بن لە سەر ئەبنای وەتەنمان بەسەهودا نەچن، خۆیان بپارێزن لە خواردن و داواکردن بە خەمرەوە، فەرموویەتی نووسرابوو لەو ڕیسالەیە (الحمدلله و الصلوة علی رسول الله) لە پاش ئەمە لەگەڵ ئێوەمە ئەی ساداتی ئەفازیل و ئەی گەورانی میسر و تیرەکان و پشتیوانی عیلم و (طب). ئێوە موقتەدی بن بە ئوممەت و چاوی بینا و گوێبیستان و ڕەهنموونکەریانن و پێشڕەو و شارەزاکونەندە و گەورەیانن و ڕووبکەنە دینتان و گوێبگرن. کەمێک تا شتێک بخوێنمەوە، کە بە قەلبی مندا هاتووە و دڵم لێی پڕ بووە، ئەویشە کە من قسەی لێدەکەم (شەڕابە):

ئەی ساداتی گەورانی میسر، ئەمڕۆ هەرچی ئوممەت هەیە هەموو بێداربوون لە غفڵەت و قیامیان کردووە، لەخۆوە هاتوونەتەوە سەر بێداری و عیلم ڕایکێشاونەتە لای تەرغیب و لای دەرەجاتی عالی، ئینسانی ئەمڕۆ غەیری ئینسانی دینییە ئەمیشە بە باعیسی حەڕەکانی فکری ئینسان و لایق و شایستەیە بۆ ئێمە بەحس بکەین، لەوانە ساحێبی ڕەئی و ئاڕائی تاممەن(xxxvii) و شایەد ئێمەش بەرانبەری بکەین، بۆئەوانەی تەڕفیعیان لە عیلم دانیشا (زانایی) هەیە، تاوەکو ئەمانە لە ئەولادمان لە دوای ئێمە بەجێدەمێنن بە زبانی تیر تانەمان لێ نەدەن، بڵێن باوکانمان و عولەمایانمان لە پێش ئێمەدا بوون قسووری دەستیان لە عیلمدا بووە(xxxviii).

کە وابوو، واجبە لە سەرمان هەموومان کۆببینەوە و ئیجتماع بکەین لە سەر هەرچی موزیرە و مساوی بە تەرکی بکەین هەمویان مەسئەلەی خومرە. ئەی گەورانی میللەتی ئیسلام تەماشا بکەن، چۆن خودای (سبحانە و تعالی) شەڕابی حرامکردووە بە حەڕامی قاطع ئیستیسنایە لە هیچ حاڵی ئەحواڵی خەمری نەکردووە، نە مباحی کردووە نە ئیجازەی بۆ هەزمی تەعام داوە، نە ڕەزای بۆ قووەتی بەدەنی و قووەتی شەهوانییەتی داوە و نە ئیزنی خواردنی زیادەی خۆری داوە. بەڵکو عامی حەڕامکردووە، یانی بە هەر نیەتێک بیخۆی حەڕامە و پیسە و فەرموویەتی:

((يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡخَمۡرُ وَٱلۡمَيۡسِرُ وَٱلۡأَنصَابُ وَٱلۡأَزۡلَٰمُ رِجۡسٞ مِّنۡ عَمَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ فَٱجۡتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ (90) إِنَّمَا يُرِيدُ ٱلشَّيۡطَٰنُ أَن يُوقِعَ بَيۡنَكُمُ ٱلۡعَدَٰوَةَ وَٱلۡبَغۡضَآءَ فِي ٱلۡخَمۡرِ وَٱلۡمَيۡسِرِ وَيَصُدَّكُمۡ عَن ذِكۡرِ ٱللَّهِ وَعَنِ ٱلصَّلَوٰةِۖ فَهَلۡ أَنتُم مُّنتَهُونَ (91) )) [المائدة: 91].

## ٢-٧.بەکارهێنانی مەی وەک دەرمان:

فوقەهای[xxxix] ئیسلامی ئیختلافیان کردووە، ئایا تەداوی بە موسەکیرات حەڵاڵە یاحەڕامە. بەعزێک فەتوایان داوە[xl] بە حەلاڵی حەڵاڵدەکرێت و دەبێت ئیتر نەبێت لە جێیەکی موسەکیڕاتدا شتێک دانیشێت[xli] و ئەو تایفە بەغەیری ئیزتیڕاری هیچ دەلیلیان نەبووە. تایفەیەک گوتوویانە[xlii] ئەبەدا موداوا بە موسکیرات ناکرێت و تەمەسوکیان بە حەدیسی (لم يجعل الله دواء امتى فيما حرم عليها)[xliii] وقورئانیش دەفەرموویت □فَهَلۡ أَنتُم مُّنتَهُونَ□ [المائدة: 91].

ئێستا خواردنەوەی شەڕاب و عەڕەق و سایری موسەکیرات هجومی کردووە هەموو شارانی ئیسلامی و خاس و عام دادەپۆشێت و تەجاوزیکردووە بۆ دێهات و ئەکسەری ئەو بەشانەی داپۆشیوە لە خاس و عامیان و ئەنواعی حەشیشیان لە بەنگ[xliv] و لە تریاک و لە سائیری کۆکائینی[xlv] تابع بە شەڕاب کردووە لە خواردنەوە، خودای (سبحانە و تعالی) دەفەرموویت: □يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡخَمۡرُ وَٱلۡمَيۡسِرُ وَٱلۡأَنصَابُ وَٱلۡأَزۡلَٰمُ رِجۡسٞ مِّنۡ عَمَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ فَٱجۡتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ □[المائدة: 91] //٢٥١-ب//.

عولەمای پێشوی ئێمە قیامیان دەکرد و (چل) داریان دەدا لە شاریبی خەمر[xlvi]، بەڵام ئەم حەددە تەخفیف[xlvii] بوو بۆ شەڕاب خواردن، یا لەبەر حەد نەیاندەخوارد یا (چل) داریان لێ بدرابووایە گوناحیان نەدەما و باری قیامەتیان سوک دەبووەوە، مانعیشی دەبوو لە توغیانی[xlviii] شەراب خۆر، ئەویش لەبەرئەمە بوو پیاوانی ساحێب دین باش و سەتوەتیان[xlix] بوو بۆ سوڵتانانمان و حوکەمایانی پشتیوانیان بوون. یانی بۆ ئەهلی عیلم و فەزڵ لە سەر مەنعکردنی

شەراب لە شەرابخواردن چۆن ئیمتیسالی قەولی خودای (سبحانە و تعالی)یان دەکرد، کە دەفەرمووێت: ﴿فَهَلۡ أَنتُم مُّنتَهُونَ﴾ [المائدة: 91].

## ٨-٢ چوار بەڵگە لە سەر زوبانی دکتۆران بۆ بەکارهێنانی مەی وەک دەرمان:

بە چوار بەڵگە لە سەر زوبانی دکتۆران بۆ بەکارهێنانی مەی وەک دەرمان دەدوێم:

ئەم (چوار) بەحسیشە ڕای حوکەمایە:

**بەحسی ئەوەڵی:** کەلامی حەکیم (هێنری)[l] فەرەنسییە لە کتێبی (خواطر وسوانح)[li] لە بەحسی میللەتی ئیسلامدا گوتوویەتی تیژترین هەموو تیغێک کە ئەهلی شەرقی پێ مەحووبکەیت و بریندارترینی هەموو شمشێرێک میللەتی ئیسلامی پێ بکوژی شەڕابە، قەتعی نەسلی پێ دەبێت و ئەکسەریان لە فەقر و فاقەدا دادەوەشێت[lii].

**بەحسی دووەم:** کەلامی حەکیم (بێنثام)[liii]ی ئینگلیزییە، کە موقتەدی بە جەمیعی حوکەمایان بووە و گوتوویەتی لە حەڕامی شەرابدا ئەبنای ئەفریقا شەڕاب بخۆنەوە هەموو نەسلیان رجوع دەبێتەوە لای شێتی، ئەهلی ئەوروپا بیخۆنەوە و دەوامیان بێ لە سەر خواردنەوەی عەقلیان زەوال دەبێت، پێویستە سەفیهـ و سەرگەردان دەبن، گوتوویەتی نەبیذ[liv] لە عەقالیمی شیمالیدا ئینسان دەگێرێت بە ئەبلەهـ و سەفیهـ لە ئیقلیمی جنوبیدا ئینسان دەگێرێت بە شێت و لە سەریان حەڕامی کردووە، چۆن زەوالی عەقل کە ئەعزەمترینی هەموو نیعمەتانە، لە هەرچی شتە قەبیح و پیستر و حەرامترە، نووسیویەتی بە حەقەت موحەمەدی عەرەبی ﷺ جەمیعی موسەکیراتی مەشروبات و غەیری مەشروباتی لە موسەکیرات لە سەر ئۆمەتی خۆی حەڕامکردووە، لە مەحاسینی دیانەت و شەریعەتیەوە بە عەیبەتیەوە تەواو بوو، کەلیماتی (بێنثام)[lv] تەماشابکەین، بێنثامی حەکیمی کافر بە حیکمەتی تاهیری خۆی چۆن حەڕامیکردووە، چۆن مەدحی دیانەت و شەریعەتی ڕەسولی خودای کردووە //٢٥٢ – أ//.

خەمر غەفڵەتی عەزیم بە ئینسان پەیدا دەکات و لەو غەفڵەتە دووچاری هەزار مەسائیبی عەزیمی دەکات و بێئیحترام و ڕیسوای دەکات، هەروەکو ئەکسەر لە شەڕابخۆرانی ئەو زەمانە. ئەمما چونکە عومومیە، کەسیان عەیبی کەسیان ناڵێن و ئەهلی بەسیرەت بە دیقەت تەماشایدەکەن، (هێنری فەرەنسی) کە دووژمنی دین و میللەتی ئیسلامە، چۆن گوتوویەتی ئاخرین سیلاح بۆ کوشتنی میللەتی ئیسلام و فەنای نەسلیان خواردنەوەی خەمرە، لە چ زەمانێکدا و دین و قانونێکدا بۆ ئینسان دروستە کوشتنی نەفسی خۆی و قەتعی نەسلی خۆی بکات و ئەعزەمی سەمەری ئینسان بەقای نەسلە و لە نەسلەوە هەر شتێک زاهیر بێت. نبتام چونکە گوتوویەتی ئینسان شێت و بەڕەلا دەکات، هەروەکو خۆمان و بە شەریعەت چاومان پێیان کەوتووە، چ عاقڵێک دەتوانێت بە دەستی خۆی خۆی بەڕەلا بکات، جنونییەت[lvi] و سەفاهەت بە سەر خۆیدا بێنێت، تا لە قورئاندا حەرام کراوە. چۆن (بێنثام) گوتوتیەتی: ئەمە لە مەحاسن و شەریعەت و دیانەتی محەممەدەوە بووە لاکین، ئەهلی مەملەکەتی ئێمە ئەوەندە لە غەفڵەت و سەهودان، هەروەکو حەق (سبحانە و تعالی) دەفەرموویێت: ((وَهُمۡ فِي غَفۡلَةٖ مُّعۡرِضُونَ)) [الأنبياء: 1].

**بەحسی سێیەم**: چەند ساڵ لەمەو پێش کەسێک لە نوێنەرانی پەرلەمانی سوید و نەرویج، کە ڕەئیسی جەمعیاتی قەدەغەکردنی شەڕاب و موسەکیرات بوو، باسی ئەوەی کرد، هەرچی دەوڵەتانی (ئەوروپا و شەرق و فەرەنسا و ڕوسیا و ئینگلیز و چین و ژاپۆن) هەرچی نوێنەری حکومەتان بوو، ژمارەیان دەگەیشتە (شەشسەد هەزار) پیاو، گەیشتنە ئەمریکا (چل وپێنج ملیۆن) نفوس، شەڕاب و موسەکیراتیان لە سەر خۆیان حەرامکرد[lvii] [lviii]، بە شەو و ڕۆژ حەرامیانکردووە. لەم دەوڵەتانە ئەهلی شەڕاب لە سەر خۆیان و وڵاتان لە میسردا حەرامکراوە بە حەرامێکی عومومی، ئەهلی کوفر هەموو بێدار بوون و حەرامیانکردن فەقەد ئەمریکا بیلمەرڕە حەرامیانکرد، ئیجتماع ئەوەندە میللەت لە سەر حەرامی شتێک بێت موزەڕەتی عەزیمی نییە و موتەعەجوبە میللەتی ئیسلامی ئێمە ئەمانەی هەموو لە جەراید دەخوێندەوە، بەعزێک لە

کوتوبدا ئەیبینن و پێی موتەنەبیهـ[lix] و بێدار نابن و تەماشاناکەن، توخودا چ غەفڵەتێک لەو غەفڵەتە گەورەترە لە هەموو شت عەجیتر مقەویرەکانمان هەر قسە و موزەخرەفات و حوکەما یەهوودییەکانیان دەستدەکەوێت بە دەستەوەی دەیگرن، قسەی پێدەکەن. بۆ ئەمە تەعن لە دینی ئیسلام بدەن، ئەگەر قسەی حەق حوکەما ببینن پشتی تێدەکەن[lx].

**بەحسی چوارەم:** لە تەفسیری (جواهر الطنطاوي) میسری چاوم بە وتەیەک کەوت، کە دەڵێت: حوکەمایانی ئەمریکا نووسیویانە لە موئەلفینی خۆیاندا ئێمە قسە و بەحس لە حەڕامی و مەنعی شەڕاب ناکەین، لەبەر مستێکی، چۆن چەند عولەمایەک تەئلیفیان لە بەحسی حەڕامی و پیسی کردووە، کە ئێمە بەحسێک لەمە دەکەین کە موزیرڕە بۆ تەداوی پێکردنی، چۆن تەداویکردن بە شەڕاب نەخۆشیەک دێنێت و دەوای تر نییە، عیلاجی بکات[lxi]، تەداوی بە شەڕاب بە قەتعی مەمنوعە وەکو (کیلوچ[lxii])ی ئەمریکی گوتوویەتی هیچ دەوایەک لە خەمر موزەڕەتی نییە بۆ موداوای نەخۆشی و تەئلیفێکی لە حەققا کردووە. عەدەدی (329) سەحیفەیە بۆ لای چۆنی شەکی شەکبەران و زەننی زەنبەڕانە، لەمەدا، خەمر ئەنواعی سوممە بۆ موداوای نەخۆشان، بەڕاستی دکتۆر (بارکس[lxiii])ی و دکتۆر (سیرجون هیل[lxiv]) موفەتیشی و عمومی جەیشی بەریتانیا و دکتۆر (هنری مارتس[lxv]) چەند ئەتیبای تری غەیری ئەمانە گوتوویانە: خەمر شیفای نەخۆشی پێوە نییە و نەفع بە جسم نادا. بەعزێک لە ئەتیبا قەولیان بەمە دەکرد: خەمر بۆ بەعزێک موداوا لایقە و دافعی عیللەتە، وەکو دکتۆر (بەسیح) قەولی پێکرد، ئەمیشە مونافی قەولی ڕەسولی خودایە ﷺ کە مەنعی شەڕابی کردووە. هەروەکو لە موسلیمەوە[lxvi] نەقڵکراوە لەگەڵ شەرحی ئیمامی نەوەوی[lxvii] تارقی کوڕی سوەید سوئالی لە ڕەسولی خودا ﷺ کرد لە خسوسی شەڕابەوە: ڕەسولی خودا ﷺ مەنعیکرد و (طارق) عەرزیکرد بۆ دەوام دەویت، ڕسولی خودا فەرمووی: ﷺ (خەمر دەوا نییە، بەڵکو دەردە)[lxviii] و حەقی (سبحانە و تعالی) بۆ موعجیزەی ئەو حەدیسە و دینی ئیسلام قەولی ئەو دکتۆرانەی کەشفکرد، تا شەک و ڕەیب لە قەلبی موسوڵمانان نەمێنێت

## ٣. کۆتایی

### ٣-١. ئەنجام

لەم توێژینەوەیەدا دوای ساغکردنەوەی دەستنووسی تەفسیری (تیزکاری ئیمان بۆ کۆمەڵی کوردان) گەیشتم بە کۆمەڵێک ئەنجام لەبارەی (مەی و قومار):

- بۆم دەرکەوت چەند دەستنووسێک هەیە لە میراتی کوردی و عەرەبی لە بواری تەفسیر پێویستیان بە ساغکردنەوە هەیە بۆ پاراستنیان لە لەناوچوون.

- مەی زیانی بۆ لایەنی دەروونی و جەستەیی و عەقڵی مرۆڤ هەیە.

- گشت زانایان کۆدەنگن لە سەر ئەوەی کە مەی چارەسەر نییە، وەک چارەسەر بەکارنایەت.

- تەنها مەی لای موسوڵمانان پیس نییە، بەڵکو ناموسوڵمانانیش کۆکن لە سەر پیسی مەی.

### ٣-٢. ڕاسپاردە

- تەواوکردنی ئەو بەشانەی کە ماون لە تەفسیرەکە و ساغنەکراونەتەوە.

- پێدانی هەلی زیاتر بە خوێندکاران، بۆئەوەی گشت بەشەکانی تەفسیرەکە ساغبکرێتەوە.

- وەرگرتنی ئەزموونی ساغکردنەوە لە کەسانی شارەزا بۆ ئەوانەی دەیانەوێت بەشێک بن لە خزمەتکارانی تەفسیری کوردی.

- دوای ساغکردنەوەی بەشە دەستنووسەکەم ڕێگا کراوەیە بۆ هەر قوتابیەک بیەوێت لە سەر بەشەکەی من توێژینەوە بکات و بازنەی ساغکردنەوەکەم فراوانتربکات.

- کۆکردنەوەی گشت بەشە ساغکراوەکان لە تەفسیرەکە، بۆئەوەی کتێبێکی تەواوی لێ بەرهەم بێت.

## ٤. سەرچاوەکان

## ٤-١. سەرچاوە کوردییەکان

- شێخ محەممەدی خاڵ (١٩٨٩) – چاپی دووەم ساڵی ٢٠٠٥ هەولێر - (*فەرهەنگی خاڵ*) – بەڕێوبەرایەتی گشتیی ڕۆشەنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٨٧)ی ساڵی ٢٠٠٤.

- حەمەکەریم عارف – چاپی یەکەم ٢٠٠٦ – (*گۆڤەند وزنار*) – ژمارەی سپاردن ٥٨ – تیراژ ٧٥٠ – چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە زنجیرەی کتێب -٦٤-١٦٧.

له تاراندا بووه - 1990چاپی یەکەمی لە ساڵی - عەبدوڕەحمان شەرەفکەندی (هەژار) - ( *هەنبانە بۆرینە*) پێداچوبەوە: ماجید مەردۆخ ڕۆحانی پێداچووەتەوە – جاپخانەی سروشت 1369 (1990)ل1035 ،.

- فازیل نیزامەدین – چاپی سێیەم ٢٠١٥ – (*شیرینی نوێ*) – ژمارەی سپاردن ٩٥٥ ی ٢٠٠٧ – کوردستان سلێمانی – لە بلاوکراوەکانی کتێبخانەی زانیار، سلێمانی شەقامی پیرەمێرد.

## ٤-٢.سەرچاوە عەرەبیەکان

### لە دوای قورئانی پیرۆز

- أبو الحسين مسلم بن الحجاج بن مسلم القشيري النيسابوري - الطبعة الأولى عام 1433 هـ لدى دار طوق النجاة - بيروت، مع إثراء الهوامش بترقيم الأحاديث لمحمد فؤاد عبد الباقي - (*الجامع الصحيح «صحيح مسلم»*) - المحقق: محمد ذهني أفندي، الناشر: دار الطباعة العامرة – تركيا عام النشر: 1334 هـ.

- أبو جعفر محمد بن جرير الطبري (224 - 310 هـ) الطبعة: الأولى، 1422 هـ - 2001 م (جامع البيان عن تأويل آي القرآن) تحقيق: د عبد الله بن عبد المحسن التركي بالتعاون، الناشر: دار هجر للطباعة والنشر والتوزيع والإعلان - القاهرة، مصر.

- أبو داود سليمان بن الأشعث الأزدي السجستاني (202 - 275 هـ) - الطبعة: الأولى، 1430 هـ - 2009 م - (*سنن أبي داود*) المحقق: شعيب الأرنؤوط [ت 1438 هـ]- محمد كامل قره بللي الناشر: دار الرسالة العالمية.

- أبو زكريا محيي الدين يحيى بن شرف النووي (ت 676هـ) - الطبعة: الثانية، 1392 - (*المنهاج شرح صحيح مسلم بن الحجاج*) - الناشر: دار إحياء التراث العربي – بيروت.

- أبو عبد الله محمد بن إسماعيل البخاري الجعفي - الطبعة: الخامسة، 1414 هـ - 1993 م - (*صحيح البخاري*) المحقق: د. مصطفى ديب البغا - الناشر: (دار ابن كثير، دار اليمامة) – دمشق.

- أبو عبد الله محمد بن عبد الله الحاكم النيسابوري (321 - 405 هـ) - الطبعة: الأولى، 1439 هـ - 2018 م - (*المستدرك على الصحيحين*) - حققه وخرّجه وعلّق عليه: عادل مرشد (جـ 1، 4، 7 بالاشتراك، 9)، الناشر: دار الرسالة العالمية.

- أبو عبد الله محمد بن يزيد بن ماجة القزويني - الطبعة: الأولى، 1430 هـ - 2009 م - (□□□ □□□ □□□□) ت الأرنؤوط - المحقق: شعيب الأرنؤوط [ت 1438 هـ]- عادل مرشد - محمَّد كامل قره بللي - عَبد اللّطيف حرز الله - الناشر: دار الرسالة العالمية.

- أبو عبد الله، محمد بن أحمد الأنصاري القرطبي - القاهرة الطبعة: الثانية، 1384 هـ - 1964م - (*الجامع لأحكام القرآن*) - تحقيق: أحمد البردوني وإبراهيم أطفيش الناشر: دار الكتب المصرية.

- الكونت هنري دي كاستري – الطبعة الأولى (2008) - (*الاسلام خواطر و سوانح*) – ترجمة من اللغة الفرنسية: أحمد فتحي زغلول - دار الطبعة: دار طيبة للطباعة – الجيزة – الناشر مكتبة النافذة.

- المؤلف: مالك بن أنس (93 - 179 هـ) رواية: أبي مصعب الزهري المدني (150 - 242 هـ) - الطبعة: الأولى، 1412 هـ - 1991 م - (□□□□ □□□□□□□ □□□□) - حققه وعلق عليه: د بشار عواد معروف الناشر: مؤسسة الرسالة – بيروت.

- رينهارت بيتر آن دُوزِي (ت 1300هـ) نقله إلى العربية وعلق عليه: جـ 1 - 8: محمَّد سَليم النعَيمي جـ 9، 10: جمال الخياط الطبعة: الأولى، من 1979 - 2000 م (*تكملة المعاجم العربية*) الناشر: وزارة الثقافة والإعلام، الجمهورية العراقية.

- شهاب الدين أبو العباس أحمد بن محمد الشافعي القسطلاني (ت 923 هـ) - الطبعة: الأولى، 1416 هـ - 1996 م - (*إرشاد الساري لشرح صحيح البخاري*) - ضبطه وصححَّه: محمد عبد العزيز الخالدي الناشر: دار الكتب العلمية، بيروت – لبنان.

- طنطاوي الجوهري – الطبعة الثانية 1350 هـ رقم 171 - (*الجواهر في تفسير القران الكريم*) – الناشر مطبعة مصطفى البابي والحلبي وأولاده بمصر.

- محمّد مرتضى الحسيني الزَّبيدي - أعوام النشر: (1385 - 1422 هـ) = (1965 - 2001 م) - (*تاج العروس من جواهر القاموس*) - تحقيق: جماعة من المختصين من إصدارات: وزارة الإرشاد والأنباء في الكويت - المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب بدولة الكويت.

- موفق الدين أبو محمد عبد الله بن أحمد بن محمد بن قدامة المقدسي الجماعيلي الدمشقي الصالحي الحنبلي (541 - 620 هـ) - الطبعة: الثالثة، 1417 هـ - 1997 م (*المغني*) الناشر: دار عالم الكتب للطباعة والنشر.

## ٤-٣.سەرچاوە فارسیەکان

– محمد مەردۆخی کوردستانی – چاپی یەکەم ١٣٨٨ی هەتاوی – (*مەردۆخ کوردی*) – ناوەندی خانەی بڵاوکردنەوەی کتێب.

## ٥.پەراوێزەکان

(i) (الجامع لأحكام القرآن – 287/1).
(ii) (الجامع لأحكام القرآن – 287/1).
(iii) بڕوانە تەفسیری تیزکاری ئیمان بەرگی یەکەم لاپەرە ١١٤-١١٦ .
(iv) وشەیەکی عەرەبیە مەبەستی مامۆستا لە وشەی بیلمەڕرە (بالمرة) واتا بە یەکجار – (شیرینی نوێ -٢٤٤)
(v) (متردد) بە واتای گومان دێت، کەسێک لە شتێکدا گومانی هەبێت و نەگەیشتبێت بە بڕیارێکی دروست، (تكملة المعاجم العربية ٣٣٨/٦).
(vi) (سنن الترمذي – 5/ 140/رح/3049) حديث صحيح.
(vii) ئەم فەرمودەیە باس لە هەنگاوەکانی حەرامکردنی مەی دەکات و بە تایبەت ئیمامی عومەر کە لە هەموو هاوەڵانی تر زیاتر تامەزرۆی زانینی حوکمی مەی بووە، بۆیە هەمیشە دوعای دەکرد (خودایە بۆمان بایەن بکە بەیانێکی ڕوون) لە هەموو قۆناغەکان هەر ئەم دوعایەی دەفەرموو، تاوەکو ئایەتی ٩٠ سورەتی مائیدە دابەزی {إِنَّمَا يُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَنْ يُوقِعَ بَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاءَ فِي الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ} إِلَى قَوْلِهِ {فَهَلْ أَنْتُمْ مُنْتَهُونَ} ئینجا فەرمووی (انتهينا، انتهينا) واتا، تەواو کۆتایمان پێهێنا، (إرشاد الساري إلى شرح صحيح البخاري 10/ 519).
(viii) وشەیەکی فارسییە، بە واتای بیماڵی دێت یاخود هۆشیاری –(فەرهەنگی خاڵ -٥٦).
(ix) حەین: هەروەک، تەواو لەوێنەی.( هەنبانە بۆرینە – ٣٣٣)
(x) إسناده ضعيف – (سنن ابن ماجة ٤/ ٤٦٤/ (رح)/ ٣٣٧٥).
(xi) وشەیەکی عەرەبیە بەواتای چۆنیەتی دێت - (گۆڤەند و زنار – ٣٨٦/١).
(xii) واتا بە شێوەی پرسیار - (گۆڤەند و زنار – ٥٨/١).
(xiii) احتراز: دوورە پەرێزی لە کەسێک یان شتێک، خۆلادان - (گۆڤەند و زنار – 37/١).

(xiv) خصومة: دوژمنایەتی - (گۆڤەند و زنار – ٤٢١/١).
(xv) ئەم زانایانەی کا باسیان لەم (٨) بەڵگەیە کردوە، بریتین لە (طبری – قرطبی – ابن کثیر) تا دەگاتە ئیمامی (شنقیطی) لە تەفسیری (أضواء البیان) باسیکردووە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەم ڕیزبەندییەی مامۆستا باسیکردووە لە کتێبی (شرح عمدة الأحكام لابن جبرين - 70/ 5 ) باسکراوە لە بابەتی «أوجه تحريم الخمر في آية المائدة» کە زیاتر لە (٨) بەڵگەی باسکردووە.
(xvi) وشەیەکی عەرەبیە بە واتای گوێڕایەڵی دێت - (گۆڤەند و زنار – ٧١/١).
(xvii) (صحيح البخاري 1689/4/ رح – 4344).
(xviii) ارتکاب: دەستکردن بە کاریک، ئەنجامدانی کارێک، کردنی گوناهێک، (گۆڤەند و زنار – ٤٥/١).
(xix) معصیة: گوناهـ سەرپێچی، (گۆڤەند و زنار – ٣٨٣/٢).
(xx) ترقي: پێشکەوتن، بەرزکردنەوە و پەرەپێدان دێت – (گۆڤەند و زنار – ٢٢٨/١).
(xxi) مدارج: پلە، پایە، پەیژە – (گۆڤەند و زنار – ٣٤٥/٢).
(xxii) ثابت: جێگیر، وەستاو- (شیرینی نوێ – ٤٢٧).
(xxiii) جازم: بڕیاردراو، کۆتایی پێهاتوو- (شیرینی نوێ – ٤٣٨).
(xxiv) اعتقاد: باوەڕ – (گۆڤەند و زنار – ٧٤/١).
(xxv) تقرب: نزیکبوونەوە – (گۆڤەند وزنار – ٢٤٣/١).
(xxvi) (صحيح البخاري – ٢٧/١ (رح)/٥٠).
(xxvii) ئەم ئایەتە بەڵگەیە لە سەر ئەو کەسانەی کە پێش قەدەغەکردنی مەی، مردوون و مەیان خواردۆتەوە، خودای گەورە لێیان خۆشدەبێت، بەڵام هەندێك لە موسوڵمانان ئەم ئایەتەیان کردووە بە بەڵگە لە سەر ئەوەی موسوڵمانان بۆیان ئاساییە مەی بخۆن، بە مەرجێك لە خوداترس و چاکەکار بن، هەروەک لە تەفسیری (قرطبي) ئاماژەی کردووە، یەکێک لە هاوەڵان ئەم ئایەتەی کردووە بە بەڵگە بۆ خواردنەوەی مەی، بەڵام دواتر عومەری کوڕی خەتاب ڕوونکردنەوەی پێدەدات، کە ئیمانداری ڕاستەقینە سەرپێچی خودا ناکات، دواتر عومەری کوڕی خەتاب سزای دەدات. « الجامع لأحكام القرآن» (6/ 297)،
(xxviii) (الجواهر الطنطاوي – 1/١٩٤).
(xxix) (الجواهر الطنطاوي – 1/١٩٤).
(xxx) (طنطاوي بن جوهري المصري) زانایەکی میسریە لە ساڵی (١٨٧٠) لە دایکبووە لە میسر، خاوەنی کتێبی (الجواهر في تفسير القران الكريم) کە پێکهاتووە لە (٢٦) بەرگ، زانایەکی لێهاتووی بواری تەفسیر بووە کتێبەکەی خزمەتێکی زۆری بواری تەفسیری کردووە، لە ساڵی ١٩٤٠ کۆچی دوایی کردووە - (الجواهر الطنطاوي – 1/٣).
(xxxi) (الجواهر الطنطاوي – 1/١٩٤).
(xxxii) کتێبێکی پزیشکییە ناوی تەواوی کتێب ( The Home Hand-Book of Domestic Hygiene and Rational Medicine) ناسراوە بە (اليد الطبي) یاخود (اليد في الطب) یەکێکە لە بەرهەمەکانی (جۆن هارڤی کیلۆج) زانا و دکتۆری ئەمریکی ناسراو بە کیلۆج لە ساڵی ١٨٨٠ چاپکراوە.
(xxxiii) مضر: زەرەر گەیەنەر – (گۆڤەند وزنار – ٣٧٥/٢).
(xxxiv) ئەم بابەتە وەرگیراوە لە تەفسیری (الجواهر الطنطاوي) کە باس لە وەرگرتنی بابەتێک دەکات لە کتێبی (اليد في الطب) دواتر دابەسکراوە بە سەر قوتابیانی مەدرەسەی عالیە، مەبەست لێی قوتابیانی بواری (پزیشکی و ئەندازیاری و بەشی یاسا) و بەشەکانی تریش، ئەمە بەر لە دروستبوونی زانکۆی قاهیرەیە، بۆیە طنطاوي فەرموویەتی مەدرەسەی عالیە (الجواهر الطنطاوي – 1/١٩٤).
(xxxv) (الجواهر الطنطاوي – 1/١٩٤).
(xxxvi) (صحيح مسلم -٣/١٩٨٤/(رح)٢٥٧٣).

(xxxvii) تام: تەواو – (گۆڤەند وزنار – ٢١٣/١).
(xxxviii) (الجواهر الطنطاوي – 1/١٩٥).
(xxxix) فقهاء: زانایانی بواری شەرع – (گۆڤەند وزنار – ١٨٩/٢).
(xl) لە هەردوو مەزهەبی (شافیعی و حەنەفی) دروستە، ئەگەر هیچ جێگرەوەیەکی تر نەبوو وەک دەرمان بەکاربهێنرێت، چەند مەرجێکی تریشیان داناوە، بڕوانە کتێبی: «الفقه الإسلامي وأدلته للزحيلي» (4/ 2610) – «نهاية المحتاج إلى شرح المنهاج» (8/ 14).
(xli) مەبەستی موفەسیر ئەوەیە، ئەگەر هیچ شتێک نەبوو وەک دەرمان جگە لە مەی.
(xlii) لە هەر یەک لە مەزهەبەکانی (حنبلي وأحمد) دروست نییە، بە هیچ شێوەیەک بەکارهێنانی مەی وەک دەرمان، بڕوانە: «شرح زاد المستقنع - الشنقيطي - التفريغ» (381/ 3 ) - «تداوي وتشفي» «تحبير المختصر وهو الشرح الوسط لبهرام على مختصر خليل» (5/ 401).
(xliii) ئیمامی بوخاری لە سەحیحەکەی بە لەفزێکی جیاواز ئاماژەی پێکردووە «إِنَّ اللَّهَ لَمْ يَجْعَلْ شِفَاءَكُمْ فِيمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمْ.» (صحيح البخاري /٥٢٩٠/(رح)/ ٢١٢٩)
(xliv) بەنگ: حەشیشە، گیایەکە دەیکێشن و خەیاڵ دەیانگرێت: ئێژی بەنگت کێشاوە – (هەنبانە بۆرینە -٨٦ ).
(xlv) کوکائین: مادەیەکە لە درەختی کوکا دەگیرێت، کۆکاین – (گۆڤەند وزنار – ٢٦٤/٢).
(xlvi) «صحيح البخاري» (6/ 2487).
(xlvii) واتا باری قیامەتیان سوک دەبوو بە دەرکردنی ئەم حەددە.
(xlviii) توغیان: سەرکێشی، سەرکێشان – (مەردۆخ کوردی -٣٥٨/١).
(xlix) سَطوَة: دەسەڵات، زاڵبون، ڕایە - (شیرینی نوێ - ٧٠٢).
(l) زانایەکی فەرەنسی مەسیحیە، لە جەزائیر ژیاوە لە ماوەی ژیانی لە وڵاتی جەزائیر سەرسامی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بووە و کتێبی لە سەر ئاینی پیرۆزی ئیسلام نوسیوە وەک: الاسلام خواطر وسوانح، (الاسلام خواطر وسوانح – ٤).
(li) ناوی تەواوی کتیبەکە (الاسلام خواطر وسوانح)، کتێبێکی زانای فەرەنسی هێنریە، بە هۆی سەرسامی بە موسوڵمانان و تێڕامان لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام نووسیویەتی یەک بەرگە، وەرگێردراوەتە سەر زمانی عەرەبی.
(lii) (الاسلام خواطر و سوانح – ١٣٥)
( liii) زانایەکی ئینگلیزییە ناوی تەواوی (جیریمی بێنثام)، لە ساڵی ١٨٣٢ کۆچی دوایی کردووە، (الجواهر الطنطاوي ١٩٥/١).
(liv) نبيذ: (نەبیز)شەراب، شەرابی ترێ، شەرابی خورما – (گۆڤەند و زنار - ٤٣٤/٢).
(lv) (الجواهر الطنطاوي – ١٩٥/١).
(lvi) جنون: شێتی، ئەقڵ لەدەستدان، دین بوون – (گۆڤەند و زنار – ٣٠٥/١)
(lvii) ئەمە چیرۆکی کەسێکە کە (طنطاوي الجوهری) لە تەفسیرەکەیدا باسیکردووە و مامۆستای خواهەرزاد لە (طنطاوي) نەقڵیکردووە، دوای گەرانێکی زۆر ئەم ڕووداوەم دەستنەکەوت، لەبەرئەوەی (طنطاوي) لە تەفسیرەکەیدا لە زۆر شوێن ڕووداوی ژیانی خۆی باسدەکات، کە ناتوانین ساغیبکەینەوە، یاخود پشتیبەستووە بە ڕۆژنامە وگۆڤاری سەردەمی خۆی کە گەیشتن پێیان ئەستەمە.
(lviii) بڕوانە: (الجواهر الطنطاوي – ١٩٦/١).
(lix) مُتَنَبِّه: بەخەبەر، ئاگادار، وشیار، هۆشیار – (شیرینی نوێ - 1075).
(lx) (الجواهر الطنطاوي – ١٩٧/١).
(lxi) (الجواهر الطنطاوي – ١٩٧/١).
(lxii) کیلۆج: جۆن هارڤای کیلۆج، دکتۆرێکی ئەمریکییە لە ساڵی ١٨٥٢ لە ویلایەتی میشیگان لە دایکبووە، یەکێکە لە ویلایەتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٤٣ کۆچی دوایی کردووە. (اليد الطبي -4).

(lxiii) بارکس: ئیدمۆند ئەلێکساندەر بارکس، لە ساڵی (١٨١٩) لە دایکبووە دکتۆرێکی بریتانی بوو، پێشکەشکاری زانستی خۆپارێزی گشتی .(Hygiene) کتێبێکی بەرچاو هەیە بە ناوی *Manual of Practical Hygiene* لە ساڵی (١٨٧٦) کۆچی دوایی کردووە.
https://en.wikisource.org/wiki/Dictionary_of_National_Biography%2C_1885-1900/Parkes%2C_Edmund_Alexander?utm_source=chatgpt.com بەروار 2025/8/19

(lxiv) سیر جون هیل: لە ساڵی (١٧١٦) لە دایکبوو. بۆتانیکەر (دەرووناس) و دکتۆری ئینگلیزی بوو. کتێب و وتار زۆری لە سەر گیاهان و خواردنەوە و تەندروستی نوسی. بە تایبەتی لە کتێبەکانی وتیەکانی بە تەواوی زیانبەخشبوونی خەمری و مادە مستکەرەکان باسکرد. لە ساڵی (١٧٧٥) کۆچی دوایی کرد.
https://www.britannica.com/biography/John-Hill?utm_source=chatgpt.com بەروار 2025/8/19

(lxv) هنري مارتس: لە ساڵی (١٨٤٤) لە بەریتانیا لە دایکبووە. دکتۆر و جەراحێکی بەناوبانگ بوو، چەندین کتێبی زانستی و وتاری لە سەر تەندروستی نوسیوە لە ساڵی (١٩٢٦) کۆچی دوایی کردووە.
https://livesonline.rcseng.ac.uk/client/en_GB/lives/search/detailnonmodal/ent:$002f$002fSD_ASSET$002f0$002fSD_ASSET:372406/one?qu=%22rcs%3A+E000219%22&rt=false%7C%7C%7CIDENTIFIER%7C%7C%7CResource+Identifier بەروار ٢٠٢٥/٨/١٩

(lxvi) «صحيح مسلم» (3/ 1573/ رح/1984).

(lxvii) شرح النووي على مسلم (النووي)- 152/13/(رح)1984).

(lxviii) «صحيح مسلم» (3/ 1573/ رح/1984).